سەماحەتی حەکیم.. پێوەری سەرکەوتنی تاقیکردنەوەی عێراقی پشت بە یەکلایی کردنەوەی ناسنامەی دەوڵەت و بەهێزی دامودەزگاکانی و سروشتی سیستمی بەهاکان و هاوسەنگی دەستەڵاتەوە دەبەستێت

لەکاتی میوانداری کردنی لە کەربەندی عێراق بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی ڕەوتی حیکمەی نیشتمانی لە ڕۆژی 3-5-2023 باسی سروشتی سیستەمی سیاسی و ڕووبەڕووبوونەوەکانی دووچاری عێراق هات کرد و ڕوونی کردەوە کە قسەکردن لەسەر سەرکەوتن یان شکستی ڕژێمی سیاسی پێویستی بە پێوەرێکە بۆ چاودێری کردنی ئەو گۆڕانکاریانەی عێراق بەخۆیەوە بینیوە، لەگەڵ ئەو ترسەی کە ڕووبەڕووی بووەوە کاتێك پڕۆسەی گۆڕانکاری ئەنجامدرا.

سەماحەتی گوتیشی قسەکردن لەسەر سەرکەوتنی ئەو تاقیکردنەوەیە پێویستی بە یەکلایی کردنەوەی ناسنامەی دەوڵەت و فەلسەفە و سروشتی دید و ستراتیژیا و کارە پێشەنگەکانە کە لەوەوە پلانەکان و بەرنامەکان دادەڕێژرێن، دووپاتیشی کردەوە کە ڕەو ناسنامەکە یەکلایی کەرەوە نەبووە بەدووریە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکەی.

سەماحەتی دووپاتی کردەوە کە کە پێوەر پێویستی بە هاوکێشەیەکی دادپەروەرانە و هاوسەنگ هەیە ئەوەش پێویستی بە هاوسەنگی ناوچەیی و هاوپەیمانەتی نیشتمانی هەیە کە دەبێینی پێکهاتەکانی لەخۆوە گرتبێت، لەگەڵ پاراستنی هاوسەنگییە کۆمەڵایەتییەکان تێیدا، هەروەها ئاماژەی بە گرنگی دامودەزگایەکان کرد و گوتی " ئەوە پێویستی بە شەڕێکی کارگەری و نەهێشتنی گەندەڵی و دیدی گەشەسەندن و ئاوەندان کردنەوە و خزمەتگوزاری ڕوون هەیە، بەهێزی دامودەزگاکان و ڕۆلی کەسەکان پەیوەندییەکی پێچەوانەیان هەیە، ئەگەر یەکەم بەهێز بوو ئەوە دووەم لاواز دەبێت، پێچەوانەکەشی ڕاستە، داواشی کرد دەوڵەت واز تاک ەک سەرچاوەی داهات بێنێت و بچێتە نێو پێنجینەی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری و وەبەرهێنان و تەکنەلۆژیا.

سەماحەتی ئاماژەی کرد کە بایەخدان بە جۆر وەك دەروازەیەك بۆ بەدی هێنانی هەمەجۆری و پێویستی زۆر بە چاککردنی سیستەمی بەها بەهەموو ناونیشانە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ، گوتیشی کە پێویستە دان بەوە دابنێین کە کێشەیەك لە بەهاکان هەیە لە بواری کۆمەڵایەتی بەڵگەش بوونی مادەی هۆشبەر و تاوانی ڕێکخراو و شتی هاوشێوەیە، داواشی کرد پەیوەندی لەگەڵ دەوروبەر و وڵاتانی جیهان ئەکتیف بێت، بەوەی کە خاڵی پێنجەمینە لە هەڵسەنگاندنی بنیات نانی دەوڵەت لە تاقیکردنەوەی عیراقی، دووپاتیشی کردەوە کە عێراق نزیك بووەتەوە لە قۆناغی گواستنەوە وەرای هەموو سەختییەکان، ئێستاش ئێمە لە ژیانی ڕۆژانەدا سیمای سەقامگیری ئەمنی و سیاسی و کۆمەڵایەتی بەدی دەکەین.

سەماحەتی ئاماژەی بە سیستەمی ڕژێمی سیاسی و پەیوەندی بە دەستوور کرد و گوتی دەستوور شێوەی ڕژێمی سیاسی دیاری کردووە بەڵام ئێمە کێشەمان لە جێبەجێکردنی هەیە، وەرای ئەوەی کە دەستوور پێویستە بە هەندێك گۆڕانکاری هەیە، ئەویش لە هەندێك بابەتەوە، گوتیشی ئەو ململانێ سیاسییەی لە ماوەی ڕابردوو ڕوویدا بووە هۆکاری ئەوەی چەندین بۆچوون و بیردۆز بۆ پێشوەچوون بێتە کایەوە ئەوە بووە هۆی دروستبوونی هاوپەیمانەتی دەستەلاتدار کە تێیدا هەموو سەرکردەکان بە ڕاوێژکردن و گفتوگۆ کارەکان ڕاهی دەکەن، ڕوونیشی کردووە کە گرنگترین شت ئەوەی کە کۆبوونەوەی سەرکردەکان بووەتە کارێکی ئاسایی و وەك پێشتر نییە کاتێك هەڵەکە پڕ دەبوو لە کەناڵە ئاسمانییەکان.

سەماحەتی ئاماژەشی بە گۆڕانکارییەکی تازە کرد کە پەیوەستە بە پابەندبوونی حکومەت بە بە بەرنامەی حکومی خۆی و گەڕانەوە بە هەموو وردکارییەکان، سەماحەتی گوتیشی بەڕێز سوودانی ئەو کەسە زۆر ماندوو دەکات کە لەدوای خۆی دێت، هەنگاوەکە بە هەمووانی دەرخست کە پێویستە بەرنامەیەکی پەیوەست بە

ج□ب□ج□كردن ه□ب□ت ب□پ□ی گرنگی باب□ت□كان، ئ□و□ش و□كو س□ماح□تی گوتی " ب□گو□ر□ی ك□□ك□ بوونی ئ□زموون و ئ□ر□نی□كان ب□□و□ د□چ□ت.

س□بار□ت ب□ باب□تی د□ستوور س□ماح□تی گوتی ئ□و پ□ویستی ب□و□ی□ ك□ ل□ □استی خ□ی نزیك بكات□و□، ئ□ویش ب□ چ□ند گ□□انكاری□ك ك□ ل□س□ری □□ك□وتن كراو□ و ل□ ه□ند□م باب□ت پ□ویست□ □استی□كان ل□ د□ستوور نزیك بك□ین□و□، □وونیشی كرد□و□ ك□ س□قامگیری □ژ□می سیاسی ب□توانای ل□ ت□پ□□ كردنی □كاب□ری□كان و ق□ی□ان□كان د□پ□ور□ت، ب□ش□و□ی□ك ك□ □اهاتن ه□ب□ت و ئاماژ□ش ب□ تاقیكردن□و□ی تشرین د□ك□ین ك□ چ□ن □ژ□می سیاسی توانی د□خ□ك□ ه□ور بكات□و□ و □□گ□ی دا ك□ نو□ن□رانی ئ□وان □ای خ□یان د□رب□ن ب□ ئ□و□ی ل□ ب□رل□مان و شو□نی دیك□ پانتایی□كیان ه□ب□ت.